


# ئاسۆی کتێبخانە

بڵاوکراوەیەکی مانگانەی تایبەتمەندە بەزانستی کتێبخانەو زانیارییەکان
کتێبخانەی گشتیی سلێمانی بە سپۆنسەری کۆمپانیای (ئاسیا سێڵ) دەریدەکات
ژمارە (١٢) ٢٠١٠/٩/١٣

## بایی نیوملیار دینار کتێب بۆ کتێبخانە گشتییەکانی کوردستان




لەدرێژەی ئاوڕدانەوە بەردەوامەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ دامودەزگا رۆشنبیرییەکان، وەزارەتی دارایی‌و ئابووریی هەرێم رەزامەندی نیشانداوە لەسەر خەرجکردنی بڕی ٥٠٠ملیۆن دینار بۆ کڕینی کتێبی نوێ بەمەبەستی دابەشکردنیان بەسەر کتێبخانە گشتییەکاندا لەمساڵدا.

بەڕێز ئاسۆ حەسەن بەڕێوەبەری گشتیی کتێبخانە گشتییەکان بە (ئاسۆی کتێبخانە)ی راگەیاند "لەقۆناغی یەکەمدا بڕی ٦ملیۆن دینار خەرج دەکرێ بۆ کڕینی کتێب بۆ هەریەك لە کتێبخانە گشتییەکان کەژمارەیان ٦٣ کتێبخانەیە، ئەوەی دەشمێنێتەوە دەدرێتە کتێبی دیکەو نوێ تر بۆ کتێبخانەکان، بەتایبەت ئەوانەی لەمساڵدا کراونەتەوە، یان دەکرێنەوە".

لەدرێژەی لێدوانەکەیدا بەڕێوەبەری گشتی وتی "بەپلەی یەکەم بایەخ دەدەین بە پڕ سەرچاوەکردنی کتێبخانەی شارۆچکەکان بە کتێبی بەنرخ‌و نوێ‌و بەپێی پێویستی هەریەکەیان لە بابەت‌و زمانی کتێبەکان".

دواجار وتی "بەنیازین تاکۆتایی ساڵ چەند کتێبخانەیەکی تر لەهەریەك لە مێرگەسوور، سۆران، ناحیەی رزگاری–تۆپزاوا، قەزای دەشتی هەولێر–بنەسڵاوەو گۆپتەپە بکەینەوە".

## ژمارەی سپاردن بۆ ٩٤ کتێب

لە مانگی ئابی ئەمساڵدا بەشی سپاردنی کتێبخانەی گشتیی سلێمانی، ژمارەی سپاردنی بەخشییە ٩٤ کتێب لە بوارە جیاجیاکاندا. بەڕێز کارزان شێرکۆ لێپرسراوی بەشی سپاردن ئاماژەی بۆ بابەتی کتێبەکان کرد کە بەمجۆرە بوون:

(کۆمەڵایەتی ٥کتێب، زمان ٨، هونەر ١، مێژوو ٥، ئاینی ١٦، فیکری ٣، فەرهەنگ ٣، منداڵان ٩، جوگرافیا ٣، خۆراك ١، ئەدەب ١٠، شیعر ٩، رۆمان٧، فۆلکلۆر ٢، زانستی ٨، شانۆ ١ و چیرۆکیش ٣کتێب).

جێگەی ئاماژە پێدانە کە ١٢ لەم کتێبانە بابەتی وەرگێڕراون‌و ٨٢ کتێبیشیان بابەتی نووسراون.

## پێشنیازێک

### بۆ بەراورد.!

کاتێك هەواڵی کتێبخانەکانی جیهان دەبیستین‌و تەماشای وێنەی ناوازەیان دەکەین، هەموو ئەوانەی کتێبخانە بە چاوگی هەرە گرنگ دەزانن بۆ پێشخستنی کۆمەڵگاو هاوکات پڕۆسەی خوێندنەوە لەلامان ئامانجێکەو بڕوامان وایە دەبێت منداڵ‌و لاوو پیری بۆ هانبدرێت، ئا لەو کاتانەدا تووشی جۆرێك لەرامان دەبین.. تەماشا، لەدنیای پێشکەوتوودا خوێندنەوە ئامانج‌و مەرامە، کتێبخانە ئەو جێگایەیە کە هێندەی ماڵ هەناسەی شادمانی‌و حەوانەوەی تیادا هەڵدەمژرێت، بەڵام بەداخەوە لای ئێمە تا ئەم ساتە وەك پێویست چارەسەری گرفتەکانی بیناو کەرەستەو بودجەو.. تاد، وەك پێویست ناکرێن‌و.. ئەوە باسی کارمەند لەو لاوە بوەستێ، کە زۆربەی کتێبخانەکان نەك ژمارەیەك کارمەندی ئەوتۆیان تێدایە خزمەتێکی ئەوتۆ ناکەن، بەڵکو دژی کتێب‌و خوێندنەوەو پێشکەوتنی روناکبیریی‌و کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگای کوردەواریشن.

هەڵبەت بە سیستماتیککردنی کاروباری کتێبخانەکان لەڕووی کارگێڕی‌و هونەرییەوە بە کۆششی وەزارەت‌و بەڕێوەبەرێتی گشتیی کتێبخانەکان، گەشەی زیاترو بەرچاو دەداتە کتێبخانە گشتییەکان‌و ئەنجامی ئەوەش؛ خوێندنەوە دەبێتە حاڵەتێکی پێویست لای تاکەکانی کۆمەڵگاو ئاکامیش چالاکیی زیاتر دەدرێتە بەخششی کتێبخانەکان‌و هاوکات بزاڤی چاپەمەنی‌و رۆشنبیریی کوردی ڕوو لە هەڵکشان دەبن.

سەرنووسەر

## کتێبخانەی شارەزوور بووە مەڵبەندی چالاکییەکان

بەمەبەستی برەودان بە چالاکییە رۆشنبیری‌و هونەرییەکانی ناوچەکە، کتێبخانەی گشتیی شارەزوور مانگی رابردوو دەرگای هۆڵەکانی واڵاکرد بۆ چەندین چالاکیی جۆراوجۆر، گرنگترینیان:

*کۆڕێکی فیکریی بۆ (ناوەندی هەژان) کەتیایدا چەند باسێك لەلایەن بەڕێزان تەحسین حەمە غەریب، د.سەلمان نادر، مەسعەب ئەدهەم‌و فەیسەڵ ئیبراهیم سەبارەت ئاکار(ئەخلاق) پێشکەش کرا.

*خولێکی رێکخراوی (ریدیف) بە هاوکاریی رێکخراوی گەشەپێدانی لاوان بۆ پێگەیاندنی کادری رێکخراوەیی.

*پێشانگایەکی وێنەی فوتۆگرافی بەڕێوەبەرێتی راگەیاندنی سلێمانی، کەتیایدا دیمەنە کۆمەڵایەتییەکان نمایشکرا بوو.

*سیمینارێك بە زمانی ئینگلیزی بۆ مامۆستا ئاراس ئەحمەد محەمەد دەربارەی پەروەردەو پەیوەندی نێوان مامۆستاو خوێندکار.

## یەکەمین کافتریای روناکبیریی لە مەغریب



الشرق الاوسط

خانمێکی هۆڵەندی بە یاوەریی مێردەکەی، مەراکیشی پایتەختی مەغریبی هەڵبژارد تا کافتریایەك بکاتەوە بە ناوی (کافتریای کتێب خوێندنەوە)، لەگەڵ کتێبەکاندا خواردن‌و خواردنەوەو شیرینی بۆ خوێنەرە–کڕیارەکان دانراوە.

هەر کە هامشۆکەر دەچێتە ناویەوە، وا دەزانێت سەردانی جێگایەکی روناکبیریی کردوە، وێڕای خوێندنەوەو حەوانەوە، دەتوانن هەرچییەکیان لەو سەدان کتێبە بوێت، بیخوازن.

خاتوو (ساندرا زولو)ی خاوەنی جێگاکە دەڵێت "من لە خێزانێکی کتێبدۆستدا پەروەردە بووم، کە منداڵ بووم دەمدی کتێب لە دەستی باوکم نابێتەوە، پاشانیش من عاشقی ئەم وڵاتەم‌و لەگەڵ مێردە خوێنەرەکەمدا بڕیارماندا بەم رێگایە کتێب لای خوێنەر خۆشەویست بکەین، بەڵام لەگەڵ خواردن‌و خواردنەوەدا".

زۆر لە روناکبیران هامشۆی ئەم جێگایە دەکەن کە بە کافتریای فەڕەنسا ناونراوە ، لەوانە نووسەری ئیسپانی خوان غویتسولو و توێژەری هۆڵەندی بێرت فلینت‌و شاعیری مەغریبی محەمەد بلحاج.



2 شەیتانەکانی دایساتۆیفسکی


5 هاندانی خوێندنەوە


9 کتێبخانە بۆ نابینایان


10 ئینتەرنێت لە کتێبخانەکاندا

# حیکایەتی من و کتێب

محەمەد کەریم


محەمەد کەریم

بەڕاشکاویی دەڵێم عەشقی گەورەی من لەگەڵ کتێبدایە، ئازیزترین عاشقی من کتێبە، بڕواناکەم هەتا دەمرم بیگۆڕمەوە بەهیچ عاشقێکی دیکە، چونکە بەوەفاترین عاشقی من کتێبەو هەتا دەشمرم بۆ هیچ کەسێك هێندەی کتێب بەوەفا نابم. (٣٤) ساڵە منو کتێب پەیمانی هەتا هەتاییمان بەیەك داوە، من هەتا سۆمای چاوەکانم دێڕەکانی کتێب ببینیٚ لەژوانی ناو لاپەڕەکانی بێزارنابم. گەشتی عەشقی ئێمە بەو هەموو ساڵەوە پڕە لەهەورازو نشێو، بەڵام بۆ خۆشبەختیی، یەکجاری ناچاری نەبیٚ دابڕان و دەست لێك بەردانی تێدا نییە، حیکایەتی ئەم عەشقە گەلێك دوورو درێژەو لێرەدا نایەتە گوتن، بۆیە هەولدەدەم چەند وێستگەیەکی بگێڕمەوە:

### ئەو کتێبەی بوو بەخەمی سەردڵم

ساڵی (١٩٧٤) کاتیٚ شەڕ لەنێوان حکومەتی عیراقو کورددا دەستپێکردەوە من لەپۆلی دووی سەرەتایی بووم، رۆژێك بەڕێکەوت لەناو کادێنی ماڵە خزمێکماندا کۆمەڵێك کتێبم دۆزییەوە کە لەترسی بەعس لەوێدا شاردبوویانەوە، بەڵام لەبەرئەوەی کایەکە کەمبێوە کتێبەکان دەرکەوتبوون. لەبەرئەوەی کتێبەکان عەرەبی بوونو منیش هێشتا بەحونجەش نەمدەتوانی ناونیشانێکی عەرەبی بخوێنمەوە، هەرچەندم هێناوبرد هیچم لێهەڵنەکراند. ئاخری یەکێك لەکتێبەکانم هەڵبژارد کەبەلامەوە جوانترین کتێب بوو، خستمە بن هەنگڵم و بەدزییەوە بردمەوە بۆ ماڵەوە. زوو زوو لاپەڕەکانیم هەڵدەدایەوەو سەیری دێڕەکانیم دەکرد بەبیٚ ئەوەی بتوانم تەنانەت یەك وشەشی لێبخوێنمەوە. ئاخری کوڕێکی پورم کە لەمن گەورەتربوو بەدەستمەوە بینی و لێی سەندم. ساڵانی دوای ئەوە هەرچەند پێمدەوت کتێبەکە چی بوو؟ لەبارەی چییەوە بوو؟ هیچی پێنەدەوتم، رەنگە مەبەستی ئەوەبوبیٚ کتێبەکەی لێنەسێنمەوە. دواتر کەمنیش گەورەبووم و چوومە ریزی کۆمەڵەوەو بووین بەتێکۆشەری یەك رێکخراو، هەر مەسەلەکەی لەبیری خۆی بردەوەو ناونیشانی کتێبەکەی پێنەوتم. ئاخری کوڕەکەی پوورم کۆچی دوایی کردو رازی ناونیشانی کتێبەکەی لەگەڵ خۆیدا بردە ژێر گڵەوە، من ئێستاو ئەوساش نەمزانی ئەو کتێبە چی بوو کەمن بەو منالییەوە خۆشمدەویست؟ ئەو کتێبە بوو بەخەمی سەر دڵم، (٣٦) ساڵە من بەدوای ئەو کتێبەدا وێڵم و دڵنیام هەرگیز نایبینمەوەو نازانم چی بەسەرهاتووە. کیٚ دەڵێ رازی عەشقی من و کتێب لەوێوە سەرچاوەی نەگرتووە؟

### یەکەم کتێب کەخوێندمەوە

ساڵی (١٩٧٦) کە لەپۆلی چواری سەرەتایی بووم لەقوتابخانەی بەرانان، مامۆستایەکمان هەبوو ناوی محەمەد جەلال بوو، هەتا بڵێی توندوتیژبوو، رۆژێکیان لەکتێبخانەی قوتابخانەکەوە هەندیٚ کتێبی هێناو هەریەکەی کتێبێکی داینیٚ، دارەکەی بەرز کردەوەو وتی: ئەم کتێبانە دەبەن لەماڵەوە دەیخوێننەوە، لێتان دەپرسمەوە، خوام لەو خوایەی پرسیارتان لێبکەمو نەیزانن! ئەو کتێبەی بەر من کەوت چیرۆکی (شمشاڵی شوان)ی حەمە ساڵح سەعید بوو. من لەترسی مامۆستا بەوردی خوێنمەوە، بەڵام بەڕاستی چێژێکی زۆریشم لەو چیرۆکە بینی. هەتا ئێستاش حیکایەتی چیرۆکەکەم لەیاد ماوە بەبیٚ ئەوەی لەماوەی ئەم (٣٤) ساڵەدا بۆ یەکجاریش، کتێبەکەم دیبێتەوە. حیکایەتی چیرۆکەکە باسی عەشقی نێوان کاکلو خەرامان دەکات، خەرامان نەخۆش دەکەوێتو کاکل بانگ دەکەن شمشاڵی بۆ لێدەداتو چاك دەبێتەوە. چیرۆکەکە چەند ناونیشانێکی فەرعی هەیە. یەکێك لەناونیشانەکانم لەیاد ماوە بەناوی (سەگوەڕی نیوەشەو). دووەم کتێب کەخوێندمەوە (دیوانی وەلی دێوانە) بوو کەهاوڕێی قوتابخانەم رزگار محەمەد مەردان لەماڵەوە بۆی هێنام خوێندمەوەو دامەوە. ئیدی لەوێوە گەشتی ٣٤ ساڵەی من لەگەڵ کتێبدا دەستی پێکردووە.

### جەژنانەکەم دا بەکتێب

ساڵی (١٩٧٨) لەپۆلی شەشی سەرەتایی بووم، سێیەم رۆژی جەژن لەناو بازاڕدا بەتەنیا گێژ گێژ دەخولامەوە. چوومە بەردەمی کتێبخانەکەی شێخ ئەنوەر کە کەوتبووە لای سەرووی تەلاری کاوەی ئێستاوە، دەستمدایە بەرگی حەوتەمی رشتەی مرواری عەلادین سەجادی، شێخ ئەنوەر یەکسەر وتی: ئەو کتێبە یەك لیرە دەهێنیٚ، من دەمم سووتا وتم بەچەندە؟ وتی: بەدینارێك، کسپە لەدڵم هەستا، لەدڵی خۆمدا وتم ئەی خوایە چیم بەخۆم کرد؟ تازە تووش بووم. بەناچاری دینارەکەم لەگیرفانی شەرواڵەکەم دەرهێناو دامیٚ، کتێبە بۆرم خستە بن دەستم و بەپیٚ بیکوتە بۆ ماڵەوە لەگەڕەکی ئابلاخ، چونکە هەر ئەو دینارەم پێبوو. شەویٚ خزامە ژوورەوەو دەستم کرد بەخوێندنەوەی، زۆر خۆشحاڵبووم کەدینارەکەم نەدابوو بەسینەما، هەر دەمخوێندەوەو پێدەکەنیم، جار بەجاریٚ کەدایکم سەری دەکرد بەژوورەکەداو دەیبینی من لەخۆمەوە پێدەکەنم، دەیوت: ئەوە چیتە رۆڵە، تێکچووی لەخۆتەوە پێدەکەنی.







### دوای چەند ساڵیٚ لەرۆمانێك تێگەیشتم

ساڵی (١٩٧٩) لەپۆلی یەکی ناوەندی بووم، (١٥) رۆژەکەی پشووی نیوەی ساڵ دوانزە رۆژی نەهاتمە دەرەوە، هەر خەریکی خوێندنەوە بووم، دوایی کەهاتمە دەرەوە هەستم دەکرد وەکو کێویم لێهاتووە. رۆژێك چوومە بازاڕ رۆمانێکی عەرەبیم بینی زۆر سەرنجی راکێشام، نووسرابوو (قصة حب) (اریك سیغال) وێنەی کوڕو کچێك لەسەر بەرگەکەی بوو، خۆشەویستی نێوان ئەو کوڕو کچە بوو بەخەمم، حەزمدەکرد بزانم خۆشەویستییەکەیان چۆن بووە؟ کتێبەکەم کڕی، کەهاتمەوە بۆ ماڵەوە یەکسەر دەستمکرد بەخوێندنەوەی. هیچی لێتێنەدەگەیشتم بەڵام هەر کۆڵم لێنەدەدا، کتێبەکە هەر (١٥٠) لاپەڕەیەك دەبێت، بەزۆری زۆرداری (٢٠)لاپەڕەم لێخوێندەوە بەڵام نەمدەزانی باسی چیدەکات. ئیتر دەستبەرداری بووم. ئیتر هەموو ساڵێك دەچوومە وێزەی ئەو کتێبەو لێی حاڵی نەدەبووم. کۆڵم نەدا هەتا ساڵی (١٩٨٤) بەتەواوی خوێندمەوەو دڵم ئیسراحەتی کرد.

### دابڕانێکی پڕ ئازار

مانگی (٩)ی ساڵی (١٩٨٦) کەتازە شەشی ئامادەییم تەواوکردبوو، لەگەڵ چەند هەڤاڵێکی دیکەی یەکێتیدا لەلایەن ئەمنی سلێمانییە گیراین. هەتا حوکم درامو چوومە زیندانی ئەبوغرێب هەشت مانگو نیوی خایاند. لەماوەی ئەو (٣٤) ساڵەی عەشقی نێوان منو کتێبدا ئەو ماوەیە درێژترین دابڕانە. بەڕاستی دابڕانێکی سەختو پڕ ئازار بوو، ماوەی مانگێکی کە لەتەوارییەکە لەژێر ئەشکەنجەدا بووم، لەتاو ئازاری هەڵواسینو کارەباو فەلاقە کتێبم بیرنەماوبوو، بەڵام دوایی کەلێکۆڵینەوەمان تەواو بوو و بردیانین بۆ بەڕێوەبەرێتی ئەمنی سلێمانی کە لەشوێنی ئێستای رێکخراوە دیموکراتییەکان بوو، تەواو هەستم بەدابڕانو دووری لە کتێب کرد، چەند رۆژنامەیەکی (ثورة)ی حزبی بەعسی لێبوو. خێرا دەستم کرد بەخوێندنەوەیان یەکی چەند جارێکم خوێندبوونەوە، هێندەی نەمابوو دەرخیان بکەم. بەڵام لەناکاو ئەوانیش نەمان، لەئەنجامی ئەوەی (سیروان) هەموو دەستی خۆی بەجگەرە سووتاندبوو، لەناو زینداندا جگەرە قەدەغە کرا، (سیروان لەکاتی گرتنی ئۆجەلاندا لەسلێمانی خۆی سووتاند) ئیتر هاوڕێکانم رۆژنامەکانیان لوول دەکردو لەجیاتی جگەرە دەیانکێشا. ئیدی لەتە رۆژنامەیەکیش نەما بۆ خوێندنەوە. بەڵام شتێکی دیکەمان داهێنا ئەویش گێڕانەوەی حیکایەت بوو. پیاوێکمان لەگەڵدا بوو ناوی (عوسمان) بوو پاشان لەسێدارە درا، توانایەکی سەیری هەبوو لەدروستکردنو گێڕانەوەی حیکایەتدا، حەوت رۆژ حیکایەتی (شای مشکان)ی بۆ گێڕاینەوەو تەواو نەبوو، من ئەو کاتە لەبەرئەوەی تازە (بازرگانی ڤینسیا)ی شکسپیرم خوێندبوو هەموویم لەبەر بوو، چەند شەوێك بۆم گێڕانەوە. بەڕاستی حیکایەتەکانی عوسمان تارادەیەك خەمی دووری کتێبی لای من سووك کردبوو.

### لەکورتی دەیبڕمەوە

ئێستا کەتەمەنی خوێندنەوەم ئەو هەموو ساڵەیە، هەر بەردەوامو قەتیش کۆڵنادەم. هەمیشە کتێب نزیکترین هاودەمو هاوڕێم بووە، لەساڵانی خوێنکارییەوە بۆ کاری رێکخستن، لەزیندانەوە بۆ شاخو ساڵانی پێشمەرگایەتیی لەناو سەنگەریشدا لەگەڵ تفەنگەکەمدا کتێبم پێبووە. لەشاریش بەمیوانیش چووبێتم بۆ هەرشوێنیٚ کتێبم پێبووە. لەماوەی چواردە ساڵی بەردەوامی کاری رۆژنامەگەرییدا هەرگیز لەوە پەشیمان نیم لەماوەی هەفتەیەکدا یان زیاتردا هیچم نەنووسیووە، بەڵام هەمیشە لەوە پەشیمانم لەماوەی هەفتەیەکدا کتێبم نەخوێندبێتەوە، واهەستم کردووە شتێکم ون کردووە کەقەت دەستم ناکەوێتەوە. رەنگە قووڵترین خوێندنەوە لای من وەرگێڕان بێت بۆیە ئیتر پەلە لەوەرگێڕانی کتێب ناکەم. ئێستاش رووداوو کارەکتەرەکانی رۆمانی (ساڵی ئاشووب)و (خۆشەویستیی لەزەمانی کۆلێرادا)و کۆمەڵە چیرۆکی (دەشتی سووتێنەر) لەخەیاڵمدا دێنو دەچن، لەبەرئەوەی بەقووڵترین شێوە خوێندوومنەتەوەو ئەوسا تەرجومەم کردوون. ئێستا بەهەرسیٚ زمانی فارسیو عەرەبیو کوردی دەخوێنمەوەو هەر تاسەم لەژوانی عەشقەکەم ناشکیٚ کە کتێبە.

ماوەیەکە فێری ئەوەبووم لەیەك کاتدا چەند کتێبێك دەخوێنمەوە بۆئەوەی ئەگەر لەمەیان بێتاقەت بووم، بچمە سەر ئەوی تریان.

حاڵی حازر دوو کتێب دەخوێنمەوە کەهەردووکیان فارسین بەم ناوانە (انتخاب سلطه یا رهبری– بذینسکی)، (دختر شرق –بینظیر بوتو).




---

# کتێبەکانی کتێبخانەکەم

د. فەرهاد پیربال

## شەیتانەکان



من لە فیۆدۆر داستایۆفسکی دەترسم..چونکە ساڵی ١٩٨١ کاتیٚ رۆمانە ناودارەکەی ئەوم(الشیاطین) خوێندەوە: لچو لێوم هەمووی بووە تامیسکە، جگە لەمەش چەند رۆژێك وەزعم تێکچوو..نەخۆش کەوتم.

یەکەمین کەسێك کەرۆماننووسی رووس، داستایۆفسکیی پیٚ ناساندم: سەروەر ئەحمەدی هاوڕێم بوو، کە لەبەشی زمانی تورکی دەیخوێند، موتاڵەعەیشی زۆربەی بە ئینگلیزی بوو، چیرۆکی زۆر جوانیشی بە عەرەبی دەنووسی.

من پێش ئەوەی رۆمانی(الشیاطین) بخوێنمەوە، ناونیشانی (الجریمةو العقاب)و(مذکرات من بیت الموتی)م بیستبوو، توێژینەوەو وتارم لەسەر خوێندبوونەوە. سەروەر پێی دەگوتم:

– فەرهاد..ئەمە شتێکی زۆر هەڵەیە کە تۆ بێیت وتار لەبارەی رۆماننوسێك بخوێنیتەوە. بچۆ خودی بەرهەمەکانی ئەو نووسەرە یان ئەو فەیلەسووفە بخوێنەوە! چونکە ئەو کەسەی وتار لەسەر فەیلەسووفێك یان لەسەر رۆماننوسێك دەنووسیٚ دەشیٚ بۆ خۆیشی نەیخوێندبێتەوە یان ئەگەر خوێندبێتیشەوە ئەوا لەوانەیە بەهەڵە چووبیٚ لە تێگەیشتنی، یان هەر ئەسڵەن بۆچوونی خۆی بێتو جیابێت لەتێگەیشتنو چێژی تۆ! خوێندنەوەی داستایۆفسکی راستیی ئەم قسەیەی(سەروەر)ی بۆ سەلماندم.

فیۆدۆر داستایۆفسکی لەم رۆمانەدا زۆر توند حیزب، یان هەر تاقمێکی "خەباتگێڕ"و "شۆڕشگێڕ" چەندیش نیشتیمانپەروەر بێت؛ تاوانبار دەکات. نیشانەی پرسیاریان دەخاتەسەر: ئایا بەڕاستی حیزب لەپێناو بەختەوەریی کۆمەڵو ئینساندا تێدەکۆشیٚ؟دە ئەگەر وایە؛ بۆچی حیزب دێت(تاکەکەس) ئاوها یەخسیر دەکات؟ بۆچی(شاتۆف)و(کریلۆف) کە دوو پاڵەوانی سەرەکیی رۆمانەکەن، لەکۆتاییدا بەم چارەنووسە تراژیدییە دەگەن؟ بۆچی(تاکەکەس) لەناو حیزبدا دەبێتە کۆیلەی ئەو حیزبەو قوربانیی ئایدۆلۆژیەت؟

کەواتە، تاکەکەس کاتیٚ ئیلتیزام بەهەرچی حیزبو تاقمێکەوە دەکات، ئەوا ئازادیو شەخسیەتی خۆی لەدەست دەدا. چونکە حیزبەکە چیی پیٚ بڵێت، ئەو نابیٚ بڵێت(نا)؛ دەبیٚ پەیڕەوی بکات. تاکەکەس دەبێتە زوڕناژەنی حیزبەکەی، تەنانەت هەندیٚ جاران وەك(سترافرۆجین)ی خوێنڕێژ، ناچار دەبیٚ دەستی بچێتە تاوانو پیسترین گوناحەکانیشەوە.

داستایۆفسکی حیزبی دیسەمبەرییەکانی رووسیای سەدەی نۆزدەهەمی کرۆدتە ماتێریاڵی رۆمانەکەی، بەڵام واقیعی ئینسان هەمان شتە لە هەموو شوێنێکدا.

بەتایبەتیش ئەو زەمانەی ئێمە، کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانو حیزبی شیووعیی عیراقیو قیادە موقەتە..بەو شاخانەوە بوونو خەباتیان دەکرد؛ ئێمەی گەنجیش لەنێوان ژیانی ناو شارو بیری سیاسیی شۆڕشگێڕیدا، نائارام، دەهاتینو دەچووین.

ئەمڕۆ، دوای ئەم هەموو ساڵە کە بەسەر خوێندنەوەی(الشیاطین– جن زدگان) بەڕاستی شتێکی جوانی فێرکردم: تا هەمیشە لەدەست نەدانی ئەو ئازادییە ئەخلاقییەی خۆم، ئەو ئازادییە شەخسییەی کە هەر کاتێك ئەگەر ئینتیمای کرد بۆ هەرچی حیزبێك؛ ئەوا بەرباد دەبێتو چیتر ناوی(ئازادی) نامێنیٚ.

داستایۆفسکی، باوەڕت پیٚ دێنیٚ کە جەوهەری تاکە کەس لەنێو ئەو پەیوەندییەدا جوانو راستەقینە دەنوێنیٚ کە لەنێوان تاکە کەسو نەتەوەدا هەیە؛ نەك لەنێوان تاکە کەسو حیزبدا. ئەم راستییەش، نەك تەنیا بۆ ئەو زەمانە، تەنانەت بۆ ئەمڕۆش هەر تۆزقاڵێك چیە بایەخی خۆی لەدەست نەداوە.

# کتێبخانەی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژیی کوردستان:

## * سەرچاوەی دەوڵەمەند بۆ بەردەستی مامۆستاو توێژەرو خوێندکاران
## * خاوەنی یەکەمین کتێبخانەی ئەلیکترۆنی لە کوردستاندا

**ئا. تابان حەسەن**

سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژیی کوردستان کە بارەگاکەی لە شاری سلێمانی یە، ساڵی ١٩٩٢ دامەزراوە، ساڵی ١٩٩٧ بەڕێز فەرید ئەسەسەرد(بەڕێوەبەری سەنتەر) بیرۆکەی دامەزراندنی کتێبخانەیەکی تایبەتمەندی بەسەنتەرەکە خستووەتە بواری پراکتیکەوەو لەوکاتەوە دەرگای کتێبخانەکە لەڕووی هامشۆکەرانیدا والآیە.

بەڕێز ئاواز عەتا ساڵح لێپرسراوی کتێبخانەکە وتی "ئەم کتێبخانەیە بەردەوام لەخزمەتی هامشۆکەرانیدایە کە بریتین لە رۆشنبیرو توێژەرو نووسەران و کەسانی سیاسیی و سەربازی، ئەمە وێڕای تیمەکانی رێکخراوە حکومیی و ناحکومییەکان و هەڵسوڕاوانی بوارەکانی راگەیانن، مامۆستایان و خوێندکارانی قۆناغەکانی خوێندنی باڵا، لەناوەوەو دەرەوەی کوردستان.

بەپێی ئامارەکانی کتێبخانە ساڵانە ٥٠٠ تا٨٠٠ کەس سەردانی دەکەن و سوود لەچاپکراوەکانمان دەبینن کە لەناوەوەو دەرەوەی هەرێم دەکڕدرێن، بێجگە لەو سەرچاوانەی سەنتەر دەریاندەکات وەك کتێب و گۆڤارەکانی(سەنتەر)و (دۆسیێی ئێران و ئیسلام و تورکیا)و سیاسەتی نێودەوڵەتی".

* لێپرسراوی کتێبخانەی سەنتەر سەبارەت بە ژمارەی چاپکراوەکانی کتێبخانەکە ئاماژەی کرد بۆ ٦٧٥٠ کتێب و نامەی زانستی و ئینسکلۆپیدیاو نەخشەو ئەتڵەس و فەرهەنگ بە زمانەکانی عەرەبی و کوردی و فارسی و تورکی و ئەڵمانی و چەند زمانێکی تر، هەروەها ٢٤٢ جۆر لەناونیشانی گۆڤار بەزمانی کوردی و عەرەبی و زمانی تر، جگە لە رۆژنامەو بڵاوکراوەو نامیلکەو تۆمارەکانی سەر CD کە هەر هەموویان لەخزمەتی خوێنەراندان.

* سەبارەت بە تۆمارو پۆلێنی سەرچاوەکان خاتوو ئاواز وتی "بەگشتی سەرچاوەکان لەسەر سیستمی(دیوی دەیی) پۆلێن دەکرێن، لەگەڵ پۆلێنیاندا داخڵی کۆمپیوتەر دەکرێن و هامشۆکەر لەکاتی زۆرکەمدا دەیاندۆزێتەوە".

هەروەها وتی"لە ئابی ٢٠٠٦دا کتێبخانەی ئەلیکترۆنی سەنتەر کرایەوە وەك یەکەمین کتێبخانەی ئەلیکترۆنی لە هەرێمدا، لەم کتێبخانەیەدا ٢٠٤ بابەت تۆمارن، کارەکانی ئەم کتێبخانەیە لە کۆمپیوتەردا بەپێی بەرنامەیەکی(داتا بەیس) لە ئەکسسدا کاری پێدەکرێت".

هەروەها باسی لەوەش کرد کە ئیندێکسی سەرچاوەکان لەبەردەستی خوێنەردایە، هەرچۆن خزمەتگوزارییەکانی ئینتەرنێت و لەبەرگرتنەوە (copy) لە خزمەتی خوێنەراندان بێجگە لەبوونی هۆڵێکی گەورە بۆ خوێندنەوەو ئەنجامدانی توێژینەوەی هامشۆکەران.


ئاواز عەتا ساڵح





ئەو (١٠) کتێبەی جیهانیان هەژاند

# چوارەم: بنەڕەتی جۆرەکان

**ئا. راستی**

هەرچەندە، بیروڕا سەرەکییەکانی تیۆری داروینیزم بەشێوەیەکی گشتی ئەمڕۆ لەجیهانی زانستدا پەسەندکراوە، بەڵام بۆماوەی دووسەدە جێگای مشتومڕبوو.

داروین لەتەمەنی لاوێتیدا نەیدەزانی دەبێتە زانایەکی بەناوبانگ، ئەو سەر بە بنەماڵەیەکە کە چەندین زانایان تیادا هەڵکەوتبوو، باوکی هەر لە زووەوە زیرەکیی بێهاوتای لە کوڕە بچووکەکەیدا بەدی دەکرد، لە هەردوو زانکۆی ئەدنبەرەو کامبریدج خوێندویەتی، بەردەوام گەشتی کردوەو وەك زانایەکی سروشت لەگەشتەکانیدا پەرەی بە سەرنج و زانیارییەکانی داوە.

داروین بڕوای بەوەهێناوە کە هەر جۆرێك لە پێکهاتەکانی سروشت بەشێوەیەکی تەواو خولّقاون و لەگەڵ تێپەڕبوونی سەدەکاندا ماونەتەوە.

کاتێ گەڕاوەتەوە ئینگلتەرە، یاداشتەکانی لەمەڕ "گەشەکردن"، کە راستییەکانی سەبارەت هەموو رەگەزو جۆرەکانی سروشت تیادا تۆمار بووە، پاراستووە، ساڵی ١٨٤٢ یەکەمین دەستنووسی تیۆرەکەی دارشتووەو لە ٣٥ لاپەڕەدا بووە، ساڵی ١٨٤٤ فراوانتری کردوە بۆ ٢٣٠ لاپەڕە.

لەسەرەتادا، مەتەڵی گەورە ئەوەبووە: چۆن دەرکەوتنی جۆرەکان و نەمانیان شیدەکرێتەوە؟ داروین بە رێکەوت ئەو مەتەڵەی دۆزیوەتەوە، ئەویش کاتێ بابەتێکی (مالوس)ی دەربارەی دانیشتووان کەوتووەتە بەرچاو، کەتیایدا باس لە هۆکاری زیادنەبوونی دانیشتووان کردوە بەهۆی نەخۆشی و رووداوو جەنگ و برسێتییەوە کراوە، داروین زانیویەتی کە هۆکاری هاوشێوەش هەیە بۆ کەمبوونەوەی ئاژەڵ و رووەك، ئەوەتا دەڵێت "جۆرە باشەکان پارێزگاریی لەمانەوەی خۆیان دەکەن، بەڵام ئەوانەی تر رەگەزی خۆیان پێناپارێزرێت، لێرەدا رەگەزی نوێ دێتە ئارا، لێرەوە بوومە خاوەنی تیۆری خۆم".

ئا بەوشێوەیە بیروڕا بەناوبانگەکانی داروین دەرکەوتن کەسەبارەت "مانەوەی سروشتی" و ململانێی مانەوە"و "مانەوەی باشترین" بوون، ئەوانە بەردی بناغەی کتێبی (بنەڕەتی جۆرەکان)ی بوون.

داروین بیست ساڵ خەریکی نووسینی یاداشتەکانی بووە، سەلماندنی بۆ تیۆرەکانی دۆزیوەتەوە، ژمارەیەکی زۆر کتێب و گۆڤاری خوێندوەتەوە، هەروەها کتێبی گەشتنامەو ماتماتیك و رواندنی گوڵ و میوەو سەوزەو پەروەردەی ئاژەڵ و مێژووی سروشتی، خۆی وتویەتی "کاتێ تەماشای لیستی ئەو کتێبانەم دەکرد کە خوێندبوومنەوەو کورتم کردبوونەوە، بەرامبەریان سەرسام دەبووم"، وێڕای ئەوانە لەگەڵ شارەزایانی ئاژەڵداری و رووەکداری گفتوگۆی کردوەو پرسیاری بۆ هەریەکێ ناردوە کە زانیاریی بەکەڵکی لەلابووبێت، لەگەڵ ئێسك و پەیکەری باڵندەکاندا خەریك بووە، ئەزموونی بەسەر باڵندەو رووەك و تۆو سەوزەدا تاقیکردوەتەوە، تا گەیشتووەتە ئەنجامی دارشتنی تیۆرییەکانی.

ساڵی ١٨٥٩ جۆن مۆرای لە لەندەن کتێبەکەی لە ١٥٠٠ دانەدا بڵاوکراوەتەوەو هەر لەیەکەم رۆژدا فرۆشراوە، ئیتر بەدوای یەکدا تا ساڵی مردنی چارلس داروین لە چاپدراونەتەوەو تیراژیان گەیشتووەتە ٢٤ هەزار دانە، ئەمە تەنیا لە ئینگلتەرە، کتێبەکە بووەتە دیارترین چاپکراو لە مێژووی زانستدا.

کتێبەکە بە چۆنێتی (هەڵبژاردنی سروشتی) دەستپێدەکات، هەڵبژاردنی رەگەزە بەهێزەکان، ئەوانەی بەرگەی کەشی سروشت دەگرن و زیاد دەکەن، لە دوابەشەکانی کتێبەکەشدا (داروین) باس لەسنووری لەرادەبەدەری هەڵبژاردنی سروشتی دەکات.

داروین، کاتێك کتێبەکەی کەوتوەتە بەرچاو، پشتگیریی تەواوی لەلایەن هاوڕێ زاناکانیەوە لێکراوە، هەرچۆن ژمارەیەکی تر دژی وەستاونەتەوە، ئەوان لە دیدی کۆنەپەرستانەوە دژایەتییان کردوە، کەسانی وەکو (ئوین) لە ئینگلتەرەو (ئەجاسیر) لە ئەمریکا. بیروڕاکانی ئەویان بە کەفوکوڵی زانستی زانیوەو پێیان وابووە هەر زوو دادەمرکێنەوەو لەیاد دەچنەوە، ئەویش پێکەنینی بە قسەکانی ئەوان هاتووە!

سەرچاوە:
جریدة المدى (ملحق اوراق)


چارلس داروین







ئەم کتێبە

**●پ.د.عیزەدین مستەفا رەسووڵ**

## ئاوێنەی شۆڕش

لەژمارەی پێشوودا باسی لیێڤ تۆلستۆی و کورتەیەکی ژیان و کتێبە بەناوبانگەکانیمان کرد. نووسین لەبارەی تۆلستۆییەوە بە باسێك و لێکۆڵینەوەیەك و چەند نامەی ئەکادیمی تەواو نابێت، ئەمجارەش باسێکی ئەو دەکەین و کە بۆ ژمارەیتر لەو لاماندا، هەر دێینەوە سەری.

لێرەدا رەنگە ئەوە لای زۆرکەس سەیربێت کە(تۆلستۆی) خۆی بەڕەچەڵەك(میر)ەو لەو چینەیە کە بە عەرەبی بە(نبیل– نبلاء) ناودەبرێن. بەڵام یەکێك لە دوو کۆڵەکەکانی بیری سۆشیالیزم یا کۆمۆنیزم کە ئەویش (ڤلادیمێر ئیلیچ لینین)ە نامیلکەیەکی قووڵی لەبارەی تۆلستۆییەوە هەیە ناوی ناوە (تۆلستۆی ئاوێنەی شۆڕشی رووسی)یە. میرێك دەبێتە ئاوێنەی شۆڕش، ئەو میرە لەڕووی ئایدۆلۆجییەوە دوورە لەبیری سۆشیالیزم و کۆمۆنیزمەوە، بەڵام ئاوێنەی شۆڕش و وڵاتەکەیەتی، بۆچی؟

چونکە شۆڕشەکانی رووس، پێش ئۆکتۆبەر شۆڕشی(فەللاحی رووس)بوون، تۆلستۆیی میر کە سەدان فەللاحی هەبوو، تەواو لە ژیان و دەروونی فەللاح و بە باشی لە وڵاتپارێزیی فەللاح گەیشتبوو، کە لەجەنگەکاندا، بەتایبەتی لەجەنگ لەگەڵ ناپلیۆندا چۆن فەللاح نیشتمانپەروەریی خۆی دەنواندو خاکەکەی خۆی پاراست، لەسەرچاوەیەکدا کە باسی وەسف دەکات لای تۆلستۆی، بە فەللاح خۆیەوە ناوەستێ، بەڵکو دەچێتە سەر باس و وەسفی(ئەسپ) لەو جەنگەداو ئەسپی فەللاحەکەش دەبێتە جەنگاوەرێکی ئازاو رەنگە ئەو وەسفەی تۆلستۆی کردوویەتی کەس نەیکردبێ.

لەکۆنگرەیەکی نووسەرانی رووسیای فیدراڵیدا(کە گەورەترین کۆماری ناو یەکێتیی سۆڤێت) بوو، نووسەرێك پرسیی: ئەرێ جەنگ لەگەڵ ناپلیۆندا هەمەرەنگترو ئایدۆلۆجی و قووڵتر بوو یا جەنگ لەگەڵ(هیتلەرو فاشیزمدا)، بە یەك دەنگ وەڵامیان دایەوە، ئەوەی دووەم.

نووسەر پرسی: ئەی بۆ تا ئێستا شتێکی وەك (شەڕو ئاشتی)ی تۆلستۆی نەنووسرابوو.

– ئەمە ساڵی ١٩٦٤ بوو، هێشتا شۆلۆخۆڤ مابوو، (دۆن–هێمن)ی نووسیبوو. یەکێك ووتی هیوامان وایە شۆلۆخۆڤ کە ئێستا(ئەوان پارێزگاریی نیشتمانیانکرد) دەنووسێ. شتێکی وا دەرچێ..کتێبەکەی شۆلۆخۆڤ دەرچوو، کۆمەڵە چیرۆکێکی لێکدراوی بەرزبوو، بەڵام ئەوەی تۆلستۆی دەرنەچوو. تۆ بڵێی ئەوەی ئێستاش رووس لەبارەی ٢٠ ملیۆن قوربانیی جەنگی دووهەمەوە دەگێڕنەوە، نەبنە هۆی پەیدابوونی نووسەرێك کە شتێکی وەك (شەڕو ئاشتی)ی شۆلۆخۆڤی پێ بنووسرێ؟



فیدل کاسترۆ، سەرکردەی شۆڕشگێڕو سەرۆکی پێشووی کوبا دەڵێت"خەباتی منداڵیم دژی دەسەڵاتی سەرسەخت کردمیە یاخییەکی ئازادیخواز". لە بەشێکی وەرگیراو لە ژیاننامەکەیدا کە لەم دواییەدا لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت کەوتۆتە بەرچاو، بەهەفتەیەك بەرلەوەی تەمەنی بگاتە ٨٤ساڵ، وتوویەتی"من وەك سیاسی لەدایك نەبووم، بەڵام هەر لە منداڵییەوە چاودێری رووداوەکانم دەکردو لە مێشکمدا چەسپان‌و وایانکرد لە دنیا تێبگەم ".

## کاسترۆ لە بیرەوەرییە گەرموگوڕەکانیدا:

# برسێتی‌و ئازاردان فێری یاخی بوونیان کردم

و. بەختیار قادر

فیدڵ کاسترۆ، سەرکردەی شۆڕشگێڕو سەرۆکی پێشووی کوبا دەڵێت"خەباتی منداڵیم دژی‌دەسەلاتی سەرسەخت کردمیە یاخییەکی ئازادیخواز". لە بەشێکی وەرگیراو لە ژیاننامەکەیدا کە لەم دواییەدا لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت کەوتۆتە بەرچاو، بەهەفتەیەك بەرلەوەی تەمەنی بگاتە ٨٤ ساڵ، وتوویەتی"من وەك سیاسی لەدایك نەبووم، بەڵام هەر لە منداڵییەوە چاودێری رووداوەکانم دەکردو لە مێشکمدا چەسپان‌و وایانکرد لە دنیا تێبگەم".

جێی سەرنجە، چوارساڵ دوای وازهێنانی لە سەرۆك دەوڵەتی بۆ برا بچووکەکەی(رائوول)و پاش ئەنجامدانی نەشتەرگەرییەکی گرنگ، رەوشی روو لە باشییەوە دەردەکەوێت‌و بەردەوام لە رۆژنامە فەرمییەکان‌و لەسەر پێگەکانی ئینتەرنێتدا نووسین بڵاودەکاتەوە.

لە بەشێکی بیرەوەرییەکانیدا باس لە سەردەمی لەدایك بوونی دەکات تا خوێندنی ئایینی، پاشان ئەو ماوەیەی یاسای لە زانکۆی هاڤانا خوێندوە، کە هەر لەوێوە دەستیکردوە بەژیانی سیاسی، یاخی بوونی یەکەمی لە هوشیاری خۆیدا ئەو دەمە بووە کە بەبرسێتی چووەتە ماڵی مامۆستاکەی، لەو سەردەمەدا بەرلە قوتابخانە لای مامۆستا خراونەتە بەر خوێندن، دوای ئەوەش کاتێ تەمەنی ١١ ساڵ بووەو مامۆستا پاروویەك نان‌و کەرەی کێشاوە بەدەموچاویدا، ئەمیش لێی قبوڵ نەکردووە«وەڵامی دایەوەو بەدەست‌و پێ پەلاماری دایەوەو لەبەرچاوی هەموو قوتابییەکان بیرازم کرد.. چونکە کەسێکی خراپ‌و دڵڕەق بوو.. تا ساڵانێکی زۆر ئەو رووداوە هەر باسی دەکرایەوە" کاسترۆ باسی ئەوەش دەکات کە نامەیەکی پڕاوپڕ لە سەرسامی بۆ سەرۆکی ئەمریکی فرانکلین رۆزفڵت ناردوە، هەرچۆن ئاماژەشی بۆ ئەوە کردوە کە جوان نووسیویەو لە ماتماتیکیشدا باش بووە، هاوکات وەرزشەوانێکی بەتوانا بووەو هەر لە منداڵییەوە حەزی لە تفەنگ بووە، بەڵام بیرەوەرییەکانی هیچی تیانییە لەسەر ژیانی عاتیفی، ئەوە نەبێت دەیگێڕێتەوە کە جارێکیان لەبەردەم دەرگای زانکۆدا چەند چەتوونێك رێگایان پێگرتووەو ئەمیش لە داخاندا لەبەردەم کچە هاوڕێکەیدا داویەتیە کوڵی گریان.. کتێبەکەی کاسترۆ لە ٨٩٦ لاپەڕەی پڕ لە وێنەو نەخشەو بەڵگەنامەدا دەبێت.

المدى١٥/ ٨/ ٢٠١٠



کاسترۆ و گیڤارا

# خوێندنەوەی کتێبێك بە خێرایی ٨٠٠ وشە لە خولەکێکدا

و. دلێر میرزا

سەرۆکی کۆچکردووی ئەمەریکا جۆن کەنەدی ٢٥٠٠ وشە دەخوێنێتەوە، کەچی کچە پاڵەوانی جیهان ئان جۆنز لە خوێندنەوەی خێرادا، تەنێ لە ٤٧ خولەکدا توانی بەشی حەوتەم لە زنجیرەی هاری پۆتر بخوێنێتەوە. خوێندنەوەی خێرا بووە بەیەکێك لە پێداویستییەکانی سەردەم، بەتایبەتی بۆ عاشقانی خوێندنەوەو بۆ ئەوانەی خوێندنەوە بەشی هەرە زۆری کارەکانیان پێکدەهێنێت، وەکو رۆژنامەنووسان‌و خوێندکاران‌و کارگێڕەکان. بەڵام خوێندنەوەی خێرا لە خۆدا تاکە ئامانج نییە، بەڵکە پێویستە لەگەڵ خێراییەکەدا، خێراییەکی لێکچوو هەبێت لە تێگەیشتن‌و وەرگرتن‌و گرێدانی بیرۆکەکان پێکەوە، ئەگەرنا خوێندنەوەی خێرا بێ سوود دەبێت.

پسپۆران پێیانوایە، تێکڕای خێرایی خوێندنەوە بەلای زۆربەی خوێنەرانەوە بریتییە لە ٢٠٠ وشە لە یەك خولەکدا، بەڵام کێشەکە لەوەدایە، خوێندنەوە بەشێوازی ئاسایی چ بەدەنگ، یان بەچاو کاتێ دوای هەر وشەیەك دەکەوین لە دەقە نووسراوەکان، هەروەها هەر پیتێك لە وشەیەکدا، کردەی خوێندنەوەکە ئاڵۆز دەکات، جگە لەوەی کاتێکی زۆر دەبات.

رەنگە خوێندنەوەی خێرا ژمارەی ئەو وشانەی خوێنەر دەیانخوێنێتەوە بگەیەنێتە ٣٥٠–٨٠٠ وشە لە خولەکێکدا، چونکە خوێندنەوەی خێرا پشت بەدەرکردنی وزەکانی ئەوە. دەبەستێت کە تەنێ بەشێکی کەمی بەکار دەبەین لە رێگەی کردەی خوێندنەوەی ئاساییەوە. لە رێگەی راهێنان‌و مەشقکردن لە سەر خوێندنەوەی خێراوە، توانستی بیرمان زیاتر دەکەین‌و خێراتر خاڵە سەرەکییەکان لە دەقە نووسراوەکاندا وەردەگرین، هەروەها خێراتر پێوەندییەکانی نێوان بیرۆکەکان وەردەگرین. گرنگترین فاکتەر ئەوەیە، لە هەمان کاتدا خوێندنەوەی خێرا دەبێتە هۆی تێگەیشتنی خێراتر.

### چۆن خێرا دەبیت؟

### ژینگەیەکی دروست برەخسێنە

یەکەم هەنگاو بۆ خوێندنەوەی خێرا بەرەخساندنی ژینگەیەکی دروست دەست پێدەکات بۆ خوێندنەوە، هەر لە کەشوهەوای باش‌و دۆخی ئاسوودە کە وادەکات خوێندنەوە چێژی زیاتری هەبێت، هەروەها بەدابینکردنی رووناکیی باش‌و نەبوونی کێشەی بینین لە کاتی خوێندنەوەداو دەبێ لە کاتی خوێندنەوەدا تەرکیزمان چڕ بکەینەوە.

### هۆکاری خوێندنەوەکە دیاری بکە

بەر لەوەی دابنیشیت‌و کتێبێك بەدەستەوە بگریت، پێویستە یەکەم ئەو هۆکارە دیاری بکەیت کە لە پێناویدا ئەم کتێبە دەخوێنیتەوە: چێژوەرگرتن، نووسینی راپۆرت، وەرگرتنی زانیاری سەبارەت بەتوێژینەوەیەکی زانستی، گەیشتن بەچارەسەری کێشەیەك. کاتێ هۆکارەکە لە کاتی خوێندەوە لە ئەوەزتدا جێگیر بوو، تەرکیزو چڕبوونەوەو خێراییەکەت زیاتر دەکات‌و وا لە ئەوەزت دەکات شتگەلی وەکو هێماو ئاماژەی تیشکدارت پێ ببەخشێت، بۆ ئەو بەشانەی پێوەندییان بەهۆکاری خوێندنەوەکەوە هەبێت.

### تەماشایەکی خێرای کتێبەکە

کاتێ دەست دەکەین بەخوێندنەوەی کتێبێك‌و شارەزاییمان لەسەر ناوونیشانی کتێبەکەو نووسەرەکەی‌و مەبەست لە نووسینی کتێبەکەو چەندین زانیاریی دیکە هەبێت کە شارەزایی پەیداکردن لە سەریان چەند چرکە ساتێك دەبات، وەکو بەرگو دیاریکردن‌و ژمارەی لاپەڕەکان‌و قسەی هەندێ لە رەخنەگران لە سەر کتێبەکە، لەسەر بەرگی دواوەی کتێبەکە، ئەم زانیارییە ساکارانە وەکو هەنگاونانە بەرەو ئامانجەکە کە بریتییە لەوەی بەوردییەکی زیاترەوە لاپەڕەکانی کتێبەکە بخوێنینەوە.

### بەناوەڕۆکی کتێبەکە ئاشنا بە

ئایا پرسیارت لە خۆت کردووە، بۆچی نووسەران لیستی ناوەڕۆك لە کتێبەکانیاندا دادەنێن؟ واتە پێڕست کە هەندێ بەهەڵە ئەو ناوەی لێدەنێن، وەکو ئاوێنەیەك وایە تیایدا کتێبەکە دەبینیت بەر لەوەی بیخوێنیتەوەو وەکو خستنەڕووی چڕی بابەتەکانی کتێبەکەیە کە یارمەتیت دەدات بۆ دیاریکردنی هەر بابەتێك کە بەڕاستی دەتەوێت بیخوێنیتەوەو ئەوەی کە دەتەوێ پشتگوێی بخەیت، ئەمەیش واتلێدەکات زیاتر ورد ببیتەوەو خێراییت لە کاتی خوێندنەوەدا زیاتر دەکات.

### هێمایەك بەکاربهێنە

هێمایەك بەکاربهێنە یارمەتیت بدات بۆ بەرودوویی وشەکان‌و رستەکان لە کاتی خوێندنەوەداو کاتت بۆ بگێڕێتەوەو یارمەتیت بدات تاوەکو لە خوێندنەوەدا خێرا بیت. پەنجەی دەست باشترین هێمایە کە دەکرێ بەکاری بهێنیت. بەکارهێنانی پەنجە ئەوپەڕی یارمەتییە بۆ چاو، ئەگەر هاتو رانەهاتبوویت بۆ بەکارهێنانی پەنجەی دەست وەکو هێمایەك، سەرەتا هەندێ ئەو کارە سەخڵەتت دەکات، بەڵام بەبەکارهێنانی زیاتر، دەبینیت ئامرازێکی بەهادارەو بۆ زیاتر چڕبوونەوەو خێرایی لە خوێندنەوەدا یارمەتی دەدات.

### لە ئەوەزی خۆتدا دەست لە قسەکردن هەڵبگرە

لە خوێندنەوەی ئاساییدا ناچار دەبین وشەکان یان رستەکان بڵێینەوە کە جارێکی دی لە مێشکماندا دەیانخوێنینەوە، لە پێناوی ئەوەی تێیانبگەین‌و وەریانبگرین. کێشەکە لەوەدایە ئەم شێوازە خوێندنەوەکە خاوتر دەکات، خوێندنەوەی خێرا پێویستی بەئاستێکی دیکە هەیە لە خوێندنەوە، بەجۆرێ چاو وشەکان هەڵدەگرێت‌و لە جووڵەیەکی خێرادا هزر لێیان حاڵی دەبێت، بێ ئەوەی جارێکی دیکە لە ناو هزرماندا دووبارەی بکاتەوە. هزری ئێمە توانستی ئەوەی هەیە وشە نووسراوەکان خێراتر لەوەی بیانڵێیتەوە وەریانبگرێت، ئەم ئاستە لە ماوەی شەو و رۆژێکدا دروست نابێت، بەڵکە لە رێگەی مەشقی بەردەوامەوە دەبێت.

### بەچاو بەسەر وشەکاندا گوزەر بکە

ئەوانەی لە سەرخۆ دەخوێننەوە، چاویان بەسەر هەر وشەو هەر رستەیەك‌و رەنگە بەسەر هەر پیتێکدا گوزەر دەکات. خوێندنەوەی خێرا بەمانای کەمکردنەوەی ژمارەی گوزەرەکانە بەسەر وشەکان‌و رستەکاندا، لە بری گوزەرکردن بەسەر هەر وشەیەکدا، بەمەشق‌و راهێنان دەتوانیت گوزەر بەسەر یەکەم وشەو وشەی ناوەڕاست‌و دوا وشەی رستەکەدا بکەیت‌و بەمەش خێراییەکەت زیاتر دەبێت. ئەوە بزانە، چاو دەتوانێت لە یەك کاتدا زیاتر لە وشەیەك وەربگرێت.

### مەگەڕێوە بۆ دواوە

گرنگترین شت کە خێرایی خوێندنەوە کەمدەکاتەوە، جارێکی دی گەڕانەوەیە بۆ دواوە، بۆ خوێندنەوەی وشەیەك یان رستەیەك کە کەمێ پێشتر لە خوێندنەوەی بوویتەوە. ئەم گەڕانەوەیە کردەی خوێندنەوە خاو دەکاتەوەو تێگەیشتن‌و چڕبوونەوە کەمدەکاتەوە، باشترین شت ئەنجامی بدەیت بۆ خێراکردنی خوێندنەوە، ئەوەیە جارێکی دی بۆ دواوە نەگەڕێیتەوە، درێژەدان بەخوێندنەوە زامنی رەواندنەوەی ئاڵۆزییە، سەبارەت بەوشەیەك یان رستەیەك پێشتر خوێندوتەتەوە.

### بەناوبانگترین خوێنەری خێرا

جۆن کەنەدی: سەرۆکی کۆچکردووی ئەمەریکا کەنەدی یەکێك بوو لە گەورەترین لایەنگرانی خوێندنەوەی خێراو وەزیرەکانی خۆی هان دەدا بۆ خوێندنەوەی خێراو یارمەتیدەر بوو بۆ ئەوەی خوێندنەوەی خێرا لە ویلایەتە یەکگرتووەکاندا برەو پەیدا بکات، کاتێ لە کۆشکی سپیدا بوو. کەنەدی یەکێکە لەو خوێنەرە خێرا بەناوبانگانە، لە خولەکێکدا ٢٥٠٠ وشەی دەخوێندەوە کە دەکاتە ١٠ ئەوەندەی ئەو شتەی خوێنەری ئاسایی دەیخوێنێتەوە، بەڵکە لە کاتی نانخواردنی بەیانیدا، شەش رۆژنامەی بەتەواوی خوێندۆتەوە.

هوارد ستیڤن بێرگ: ئەمە ئەفسانەی خوێندنەوەی خێرایەو هاوتای نییە. بێرگ لە ساڵی ١٩٩٠دا چووە ناو فەرهەنگی گینس بۆ ژمارە پێوەرییەکان، بەوەی قارەمانی جیهان بوو لە خوێندنەوەی خێرادا. بێرگ تێکڕا ٢٥٠٠٠وشەی لە یەك خولەکدا دەخوێندەوە (زیاتر لە ٤١٦ وشە لە چرکەیەکدا) گەلێ لە رۆژنامەو تەلەفزیۆنەکان تاقیکردنەوەیان بۆ ئەنجامداوەو ئاکامەکان سەرسوڕهێنەر بوون. هەروەها بێرگ خێرایش دەینووسی، لە خولەکێکدا ١٠٠ وشەی دەنووسی‌و بێرگ کتێبی زۆری دەرکردووە کە باس لە فێربوونی شێوازەکەی خۆی دەکات بۆ خوێندنەوەی خێراو گەلێ لە خوێندنگەو زانکۆکانی ئەمەریکا، بۆ فێرکردنی خوێندکارەکانیان لە شێوازی خوێندنەوەی خێرادا پەنایان پێ بردووە.

ئان جۆنز: ئێستا بۆ جاری شەشەم، خاتوو جۆنزی بەریتانی پاڵەوانی جیهانە بۆ خوێندنەوەی خێرا. جۆنز توانی بەشی حەوتەم لە زنجیرەی هاری پۆتر لە کاتێکی کەمدا بخوێنێتەوە کە بریتییە لە ٤٧ خولەك‌و یەك چرکە، بەتێکڕای خێراییەك دەگاتە ٤٢٥١ وشە لە خولەکێکدا، بەرێژەی وەرگرتنێك کە گەیشتە ٦٧٪.

سەرچاوە:
القبس، ٢٠١٠/٧/١٣



# سیاسەتی پەرەپێدان و هاندانی کلتوری خوێندنەوە

هەڵگورد عەبدولوەهاب*

**کتێب و کلتوری خوێندنەوە کلیلێکی جۆکەرەو دەرگاکانی ژیان بەگشتی و دەرگا گەورەکەی رۆشنبیریش بەتایبەتی والا دەکات، ئەفسوس کلتوری خوێندنەوە لە وڵاتی ئێمەدا لەبەر پەیدابوونی هۆکانی نوێ و پێشکەوتووی ئەلکترۆنی و هەرزان بوون و دەستەبەربوونی هۆکانی کات بەسەربردن دووچاری پاشەکشە هاتووە بەجۆرێك هاووڵاتیان ئامادەن مانگانە دەیان کاتژمێر لەبەرامبەر تەلەفزیۆندا بەسەر ببەن، بەڵام ئامادەنین مانگانە تاکە کتێبێك بخوێننەوە!**

**وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان .....وەزارەتی کتێب و خوێندنەوە**

**وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان پەیوەندییەکی ئۆرگانی بە کتێب و کلتوری خوێندنەوە هەیە، بەڵام بەداخەوە لەم بوارەدا کاراو سەرکەوتوو نەبووەو وەکو وڵاتانی دوورو نزیك لەم رووەوە خاوەن پلان و سیاسەتێکی روون و دیاریکراو نەبووە.**

**لە جیهانی پێشکەوتوودا سەرباری بوونی رایەڵە نوێیەکانی بیستراوو بینراوو ئەلکترۆنی، بەڵام هێشتا خوێندنەوەی کتێب گرنگی و ئەفسوونی خۆی لەدەست نەداوە، لەوڵاتانی پێشکەوتوودا کتێب خوێندنەوەو خوێنەرانی کتێب جگە لە کتێبخانەکان لەگشت شوێنێکی گشتیدا بەرچاودەکەون، لە پارکەکان، لەکەناری رووبارو دەریاچەو مەلەوانگەکان، لەناو شەمەنەفەرو میترۆو پاسەکان، لەشوێنی چاوەڕوانی فەرمانگەکان، لەناو خوێندنگاو ماڵەکان، لەگرتووخانەو خەستەخانەکان، لەکۆتایی پشووی هەفتەکان، هتد...).**

### چی بکەین باشە؟

لە ئایندەدا بۆ هاندانی خوێندنەوەو سەقامگیرکردنی ئەم کلتورە ئەگەر وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان بیەوێت لەو بوارەدا کاراو سەرکەوتوو بێت، پێویستە شان بەشانی وەزارەتەکانی تری پەیوەندیدار بەو پرسە هەڵمەتێکی نیشتمانی بەرپا بکات لە رێی دارشتن و پەیرەوکردنی سیاسەتی نیشتمانی بۆ پەرەپێدان و هاندانی کلتوری خوێندنەوە.

دارشتن و دیاریکردنی سیاسەتی پەرەپێدان و هاندانی کلتوری خوێندنەوە ئەرکی وەزارەتی رۆشنبیرییە، بەڵام لەجێبەجێکردندا وەزارەتەکانی تری پەیوەندیدارو دامودەزگاکانی ناحکومیش بەشدار دەبن لێی.

بۆ دارشتنی سیاسەتەکە پێویستە وەزارەت کۆنفرانسێکی گشتیی یاخود سیمینارێکی فراوانی سەرتاسەری لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەنجام بدات.

پێویستە لە دارشتن و جێبەجێکردنی سیاسەتەکە بەکورتی ئەم خاڵانە رەچاوبکرێت:

- **رۆژی کتێب و خوێندنەوە**

لەسەر ئاستی جیهاندا رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ زانست و پەروەردەو کلتور (UNESCO)، هەموو ساڵێك ٢٣ی نیسانی بەرۆژێکی جیهانی بۆ کتێب و خوێندنەوە دەستنیشانکردووە، ئەرکی وەزارەتی رۆشنبیریی و لاوانە کەئەم رۆژە بەرز رابگیرێت و بەتەنها بەیاننامەیەك یاخود چالاکییەکی راگوزاری تێنەپەرێنێت، بەڵکو هەموو ساڵێك لەم رۆژەدا لە هەرێمی کوردستان کۆڕو سیمیناری تایبەتمەند بۆ پێشخستنی کلتوری خوێندنەوە رێکبخرێت، هەروەها زۆر گرنگە لەم رۆژەدا کەسایەتییەکی گەورەو گرنگ پەیامێك ئاراستەی هاووڵاتیان بکات کە واباشترە بەرێز سەرۆکی هەرێم بێت یاخود سەرۆکی حکومەت کە تیایدا جەخت لەسەر پشتگیریکردنی سیاسەتی هاندان و پەرەپێدانی کلتوری خوێندنەوە بکاتەوە کە بێگومان ئەم پشتگیرییە مەعنەوییەی بەرێزیان نامەیەکی روون دەبێت بۆ هاونیشتمانیان کە ئەم پرسە زۆر گرنگە بۆیە ئاوا لەئاستێکی گەورەدا جەختی لەسەر دەکرێتەوە، پێویستە لەباخچەی ساوایان و قوتابخانەو خوێندنگاکان، لەزانکۆکان، لەپارکەکان هەست بەم رۆژە شکۆدارە بکرێت و پێویستە وەزارەت هەماهەنگی بکات لەگەڵ وەزارەتەکانی تری پەیوەندیدار بەدەزگاو لایەنە ناحکومییەکانیشەوە.

- **دامەزراندنی کتێبخانەی نوێ و دابینکردنی سەرچاوە تازەکانی کتێب**

بونیادنان و دامەزراندن و نۆژەنکردنەوەی کتێبخانەی گشتیی شارو شارۆچکەکانی کوردستان و دەستەبەرکردنی سەرچاوەی نوێ بۆیان، هەروەها هەوڵدان بۆ بونیادنانی زیاتر لەکتێبخانەیەك لەشارە گەورەکان بەپێی پێگەی جوگرافیان (بۆ نموونە شاری هەولێرو سلێمانی و دهۆك لەبەر فراوانبوون و جەنجاڵی و زۆربوونی دانیشتوانی، پێویستیان بە زیاتر لە کتێبخانەیەك هەیە).

- **دامەزراندنی کتێبخانەی گەرۆك**

دارشتنی پلانێك بۆ دامەزراندنی کتێبخانەی گەرۆك (Mobile Library) بۆ ناوچە دوورە دەستەکان هەروەها بۆ ناو شارو شارۆچکەکانیش لەپێناو گەیاندن و پەرەپێدانی کلتوری خوێندنەوە، بەتایبەتی بۆ نەوەکانی داهاتوو کە رەنگە گەیشتن و بەکارهێنانی کتێبخانەی گشتی لەلایەن منداڵانەوە کارێکی ئەستەم و پڕ لەمەترسی بێت بەتایبەتی لە شارە گەورەو جەنجاڵەکاندا .

- **کتێبخانە لە دەزگاو رێکخراوە مەدەنییەکان**

هاندانی سەنتەرو بنکەو گروپە رۆشنبیرییەکانی لاوان و گەنجان بۆ سوود وەرگرتن لە کلتوری خوێندنەوەو هاندانیان بۆ دامەزراندنی کتێبخانە لە بارەگاکانیان، هەروەها لە چالاکییەکانیاندا بازنەو کۆڕی تایبەت بەخوێندنەوە یاخود پێشبڕکێی زانیارییەکان پێکبهێنن بۆ ئەو مەبەستەش پێویستە وەزارەت هاوکارییان بکات وەکو رێنوێنی و دابینکردنی کتێب (ئەو سەنتەرو ناوەندو گروپانە مونحەی مانگانەیان لەلایەن حکومەتەوە دابینکراوە، دەکرێت بەردەوامبوونی مونحەکە مەرجدار بکرێت بە وابەستەبوونیان بە بنەماکانی سیاسەتی هاندانی خوێندنەوە).

- **کتێبخانەی فەرهەنگخانەکان**

دەوڵەمەندکردنی کتێبخانەی فەرهەنگخانەکانی سەر بە وەزارەت بەشێوەیەك کە لاوان و گەنجان بتوانن بەباشی بەکاری بهێنن هاوشێوەی ناوەندو سەنتەرەکان، بازنەکانی خوێندنەوەو کێبڕکێی زانیارییەکانی تێدا سازبکرێت.

- **سیستمی کتێبی وێستگە بۆ وێستگە**

کارکردن لەگەڵ وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندن بە داهێنانی سیستمی کتێبی وێستگە بۆ وێستگە (Book From the station to the station) ئەویش بە دامەزراندنی کتێبخانەیەکی بچوك لەناو گەراجە گشتییەکانی کە تایبەتن بە گواستنەوەی هاووڵاتیان لە نێوان شارەکان کردارەکەش بە پێدانی کتێب دەستپێدەکات بە موسافیرەکان لە وێستگەی سەرکەوتن و دەرچوون لە وێستگەی گەیشتن بە وەرگرتنەوەی کتێبەکە تەواو دەبێت لەرێی کتێبخانەی هەردوو وێستگەکە بە هەماهەنگی لەگەڵ شۆفێری ئۆتۆمبیلەکەو سەندیکای هاتووچۆ.

پێویستە کتێبەکان نامیلکەی بچووك بن بەجۆرێك خوێندنەوەکەی بەشی ماوەی دووری رێگاکە بکات هەروەها تۆماری پێدان وەرگرتنەوەی کتێبەکان بەرێکوپێکی بێت.

- **هاندان و پشتیوانیکردنی ئەکادیمیانی بواری کتێبخانە**

هاندانی خوێندنی ئەکادیمی تایبەت بە کتێبخانەکان و دامەزراندنی دەرچووانی بەشی کتێبخانەکان لە کتێبخانە گشتییەکانی هەرێم بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی ئەکادیمی بتوانن خزمەت بە جێبەجێکردنی بەشێکی گرنگی ئەم سیاسەتە بکەن هەروەها دابینکردنی چەند کورسیەکی خوێندنی باڵا لە دەرەوەی وڵات بۆ ئەم بوارە.

- **پەیڕەوکردنی سیستمی پۆلینکردنی نوێ بۆ کتێب**

پەیڕەوکردنی سیستمە نوێکانی پۆلێنکردنی کتێب و ئاسانکاری لەرێنوێنیکردنی هاموشۆکەرانی کتێبخانەکان بۆ زووتر گەیشتن بەسەرچاوەکان و بەفیڕۆنەدانی کات.

- **پشتیوانی دارایی بۆ سیستمی داشکاندنی کتێب**

پشتیوانی دارایی بۆ سیستمی داشکاندن لە پیشانگاکانی کتێبی ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەکان بە رێژەیەکی گونجاو تاوەکو دەسکەوتن و کڕینی لەباربێت بۆ چین و توێژە گشتییەکەی کۆمەڵگەکەمان لەرابردوودا ئەو سیستمە پەیڕەو کرا، بەڵام واباشترە پێوەری تازە دابنرێت بۆ پشتیوانیکردنەکە چونکە کەمی پشتیوانیکردنەکە وای کرد کە دەزگاو چاپیارە جیهانییەکان تەنها لەیەکەمین پیشانگای نێودەوڵەتی هەولێردا بەشداربن و لەساڵانی دواتر تەنها دەزگا عەرەبییەکان بەشداربن و دەزگا ئەورووپی و ئەمریکییەکان بوون و بەشدارییان نەبێت ئەوەش لەبەر گرانی کتێبەکان و کەمی فرۆش بوو کە بێگومان پێویستە پشتیوانیکردنی دارایی بۆ داشکاندنی کتێب زیاتر بکرێت.

- **پێشبڕکێی خوێندنەوە**

رێکخستنی کێبڕکێ و پێشبڕکێ بۆ ئەندامانی بازنەکانی خوێندنەوەی کتێب کە لەرێی وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان یاخود وەزارەتی پەروەردەو فێرکردن سازدەکرێت ئەویش بەهۆی پێکهێنانی چەند گروپێك کە هەریەکەو لەبوارێکدا سەرچاوەی خوێندنەوە پەیدا دەکەن و پاشان بەشدار دەبن لە پێشبڕکێکان کە راستەوخۆ لە سەتەلایتی پەروەردەییدا دەگوازرێتەوەو براوەکان خەڵاتی بینراو لە دراوو کەلوپەلیان پێدەبەخشرێت ئەمەو جگە لەخەڵاتی مەعنەوی بۆ نموونە یەکەم لەبواری خوێندنەوەی رۆمان یاخود لەبوارەکانی جوگرافیا یان زانست ..هتد.

- **قاوەخانەو کتێب**

لەکاتی مۆڵەت پێدانی چایخانەو قاوەخانەو کافیتریاو یانەی رۆشنبیرییەکاندا مەرجی بوونی کتێبخانە سەرەکی بێت بەپێی قەبارەی شوێنەکە (رەنگە بۆ یانەکان ژورێك بێت بەڵام بۆ چایخانەو کافیتریاکان کتێبخانەیەکی دیواربەند یاخود چەند رەفەیەك ئەم ئەرکە بەجێبگەیەنێت).

بێگومان مۆڵەتی ئەم شوێنانە لەلای وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان نییە بەڵام لەبەر ئەوەی وەزارەت ئەندازیاری دارشتنی سیاسەتی پەرەپێدانی کلتوری خوێندنەوەیە بۆیە دەکرێت داوا لەو شوێنانە بکات کە تایبەتن بە پێدانی مۆڵەتی یاسایی بە (چایخانەو کافیتریاو یانەی رۆشنبیرییەکان) بۆ پەیڕەوکردنی بوونی مەرجی کتێبخانە لە شوێنەکانیاندا.

- **سیستمی پشتگیری کاغەزی چاپکردن**

هاندان و پشتگیریکردنی دەزگاکانی چاپ بە بژاردنەوەی پارەی کاغەزی چاپکراو بەرێژەی ٥٠٪ بۆ کتێبی منداڵان، بەرێژەی ٤٠٪ بۆ زمانناسی و فەرهەنگەکانی زمان، بەرێژەی ٣٠٪ بۆ کتێبی زانستی و زانستە مرۆییەکان، بەرێژەی ٢٠٪ بۆ رۆمان و چیرۆك و شیعرو وێژە.

ئەم کارەش بێگومان رێخۆشکەر دەبێت بۆ هەرزانبوونی کتێب کە پێویستە حکومەت لەبەرامبەر پشتیوانە مادییەکەی لەگەڵ لایەنی چاپکار لەسەر نرخ و بەهای کتێبەکان رێکبکەون بۆ ئەوەی ئاستەکەی گونجاو بێت لەگەڵ توانای کڕینی بەکاربەرانی (ئەم جۆرە سیستمە لە کۆماری ئیسلامی ئێراندا بە رێژەیەکی تر پەیڕەو دەکرێت).

- **پەرەپێدانی کتێبخانەی خوێندنگاکان**

هاندانی وەزارەتی پەروەردە بۆ کردنەوەی کتێبخانە لە قوتابخانەکان و تەرخانکردنی وانەیەکی هەفتانە بۆ خوێندنەوەو گفتوگۆکردن لەسەر ئەو کتێبانەی کە قوتابیان دەیخوێننەوە، هەروەها تەرخانکردنی رۆژێك لەهەر مانگێکدا بۆ بردنی خوێندکاران و قوتابیان بۆ کتێبخانە گشتییەکان و ئاشناکردنیان بە کتێب و راهێنانیان لەسەر سیستمی گەڕان بەدوای کتێب و چۆنیەتی خواستنی.

- **پێشخستنی شێوەو ناوەرۆکی کتێبی منداڵان**

پێشخستنی بواری چاپکردنی کتێبی منداڵان لەرووی ناوەرۆك و هەروەها لەرووی فۆرم و جۆری چاپەوە بەجۆرێك کە منداڵان هان بدات بۆ خوێندنەوەو ئاشنابوون لەگەڵ کتێب بۆ نموونە هەوڵدان بۆ دەربازکردنی کتێبکی منداڵان کورد لە سیستمی دوو دووری Two - dimensional (درێژی و پانی) بۆ سیستمی سێ دووری Three-dimensional (درێژی و پانی و قوڵی) هەروەها زیادکردنی رەگەزی بۆن و تێکسچەر (ملمس) بۆ کتێبی منداڵان.

- **بەخشین لە باجی دەرامەت**

هەوڵدان لەلایەن وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان بۆ وەرگرتنی رەزامەندی ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتی



دارایی و ئابووری بۆ بەخشینی چاپخانەکان لە باجی دەرامەت بەرێژەی ٥٠٪ ئەگەر لەساڵێکدا ١٠٠هەزار دانەی کتێبیان چاپکردبوو، بەرێژەی ٣٥٪ ئەگەر لەساڵێکدا ٧٠هەزار کتێبیان چاپکردبوو، بەرێژەی ٢٥٪ ئەگەر لەساڵێکدا ٥٠هەزار کتێبیان چاپکردبوو ١٠٪ ئەگەر لەساڵێکدا ٣٠هەزار کتێبیان چاپکردبوو، ئەوەش بەپێی پێوەرو بژمێرێك دەبێت بەشێوەیەك بێت کە بتوانرێت کۆنترۆڵبکرێت هەروەها پێویستە چاپکراوەکانیش پرۆگرامی خوێندن نەبێت.

- **کتێبفرۆشی مارکێتەکان**

گفتوگۆکردن لەگەڵ وەزارەتی بازرگانی بەمەبەستی مەرجدانان بۆ سۆپەرمارکێت و مینی مارکێتەکان کە پێویستە بەشێکی تایبەت و دیار تەرخان بکەن بۆ فرۆشتنی کتێب چونکە گومانی تێدا نییە کە مارکێتەکان شوێنی هاموشۆو بەسەرکردنەوەو بەکارهێنانی هاووڵاتیانن بەم دواییانەش گۆڤارو رۆژنامەکان لەمارکێتەکاندا فرۆشیان هەبووە.

- **کاریگەری دایکان و باوکان**

هاندانی دایکان و باوکان بۆ بەشداریکردن لە هەڵمەتێکی نیشتمانی بۆ چاندنی کلتوری خوێندنەوە لەلای جگەرگۆشەکانیان لەرێی خویندنەوەی چیرۆك بۆ منداڵەکانیان ئەمەش یان بە بەخشینی کۆمەڵە کتێبێکی منداڵان یاخود پێدانی کتێبەکان بەشێوەی خواستنی هەفتانە، گرنگ ئەوەیە باوانی منداڵەکە بەشداربێت لە خوێندنەوە.

ئەم ئەزموونە سەرەتا لە ١٩٩٢ لەبەریتانیادا لەلایەن نوسینگەی فیدراڵی بۆ رۆشنبیری لەژێر ناونیشانی (bookstrs) ئەنجامدراو سەرکەوتنێکی دیاری بەخۆوە بینی، ئێستا هەمان پرۆگرام لە سویسرادا لەلایەن (بابلیومیدیا) و کۆمەڵەی کتێبخانە گشتییەکان و پەیمانگای سویسری بۆ راگەیاندن و لاوان جێبەجێدەکرێت بودجەی پرۆژەکەش بڕی ٥٧٠٠٠٠ دۆلارەو لەلایەن حکومەت و دەزگا ناحکومییەکان دابینکراوە، لەوڵاتانی یابان و ئوسترالیاو بەلژیکادا هەمان پرۆگرام هەیە.



*بەڕێوەبەری گشتیی راگەیاندن لەوەزارەتی رۆشنبیریی و لاوان.